**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ئاستی جۆریەتی پەرتوکی کۆمەڵایەتی لەڕوانگەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایان

**فهمی یوسف محمد ئەمین**

بەشی زانستەکۆمەڵایەتیەکان, پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

nabazsheqani@gmail.com

**پ.ی.د.حەمید عەبدوڵلا ساڵح**

بەشی زانستەکۆمەڵایەتیەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

hamed.salih@su.edu.krd

**د.ئەردەلان لەتیف عبدولقادر**

بەشی زانستەکۆمەڵایەتیەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

ardalan.abdulqader@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/٦/١٨

پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٧/٨

بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە کلیلیەکان:**

Quality, Community, Program, Supervisors. Teacher.

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.1.14

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی ئاستی جۆریەتی پەرتوکی کۆمەڵایەتی لەڕوانگەی سەرپەرشتیاران ومامۆستایان لەشاری هەولێردا بۆساڵی خوێندنی(2021-2022)، کۆمەڵگای توێژینەوە(1018)مامۆستای کۆمەڵایەتییە لە هەردوو ڕەگەزدا لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر؛ (25%)ی نموونەی کۆمەڵگاکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی مەبەستدار هەڵبژێردران، بریتی بوون لە(270)مامۆستا لە هەردوو ڕەگەزدا، هەروەها ژمارەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەی بنەڕەتی بریتی بوون لە(80)سەرپەرشتیار، (25%)ی نموونەکە هەڵبژێردران بەشێوەی هەڕەمەکی کە بریتی بوون لە(20)سەرپەرشتیار لەهەردوو ڕەگەزدا، بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوە، توێژەر ڕێبازی (وەسفی) لە توێژینەوەکەیدا بەکارهێناوە.

کۆی برگەکانی فۆڕمی ڕاپرسی(116)پێوەرە، کە دابەشکراوەتە سەر(5)ڕەهەند، توێژەر دوای ئامادەکردنی ئامرازەکەو دەرهێنانی ڕاستی و جێگیری، هەستا بەدابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسی یەکە

بەسەر نموونەی ڕەسەنی توێژینەوەکە لای مامۆستایان؛ پاش شیکردنەوەی ڕاپرسیەکە بەبەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری ئەنجامی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، ئەنجامەکان دەریانخست ئاستی جۆریەتی پەرتوکی کۆمەڵایەتی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایان لە شاری هەولێردا لاوازە.

**ووشە کلیلیەکان:** جۆریەتی، کۆمەڵایەتی، نۆیەمی بنەڕەتی ،سەرپەرشتیاران،مامۆستایان.

## بەشی یەکەم-پاشخانی توێژینەوە

### 1-1پێشەکی :

لەسەردەمی ئێستاماندا گۆڕانکارییەکان زۆر بەزوویی گوزەر دەکەن، گۆڕانکاری و پێژقەچوونەکان بووەتە شەقڵێکی دیاری ئەم چاخەو سەردەمی ئێستامان، بۆیە هەوڵەکانی داهێنان وایکردووە کە مرۆڤ لە هەوڵی باشترینەکان و جۆریەتی و دڵنیاییدا بێت، هەوڵی گشت لایەنەو تاك لایەنەی بۆبدات، چەمکی (جۆریەتی-ألجودة-Quality) کەبەمانای گەرەنتی یاخود داهێنان یاخود بە مانای باشترکردن وبەرەو پێشبردن و ووردی وتەواوی دێت.جۆریەتی لەفێرکاریدا باشترین ئامرازی سەرکەوتووە بۆباشترکردنی دامەزراوە پەروەردەییەکان لە ڕێگای زانینی ئاست و توانای ماددی مرۆییەکانەوە، دانانی پەیرەووپرۆگرام بۆبابەتە بڕیارلێدراوەکانی قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن، هەوڵێکی تاکەکەسی نی یە، بەڵکو کردەیەکی مەبەستداری بەرنامە بۆداڕێژراوە لە ژێر ڕۆشنایی سیاسەتی پەروەردەیی هەر کۆمەڵگایەك، کە لەلایەن لێژنەی تایبەتمەندو پسپۆڕانەوە ئەنجام دەدرێت بۆچینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا؛ بۆئەوەی لەسەری پەروەردەو فێربکرێن. دەرئەنجامی گرنگیدانی زۆر بۆ بابەتی پرۆگرام لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵگا پێویستە بەرپرسانی بواری پەروەردە هەستن بە کردەیی جۆری پرۆگرام بەشێوەیەکی بەردەوام و کاریگەر، بۆدەستەبەرکردنی جۆریەتی پرۆگرامەکانوبەردەوام بوون بەشێوەیەکی پێویست، هەروەها دەرخستنی هەموو ئەو خاڵانەی کە پێویستە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر کەم و کوڕی و لاوازیەك لە پرۆگرامەکاندا(ألفراواخرون،1997،ل311).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەهۆی گرنگی ئەم بابەتە؛ چەمکی جۆریەتی بۆ هەڵسەنگاندنی شتومەك و كەل و پەلی پیشەسازی، پەلی هاوێشت بۆ چەمكی جۆریەتی پەروەردەیی و فێرکاری، هەربۆیە دام و دەزگاکانی پەروەردەیی لەسەردەمانی زوو هەنگاویان نا بۆ پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری لەدام ودەزگا پەروەردەیی وفێرکاریەكان، چەمكی جۆریەتی بەكاردێ لەڕووی فێرکاری، ئەم ئاراستەیە پاڵینا بۆ جۆریەتی لە تەواوی دام ودەزگا پەروەردەییەكان، بۆیە ئامرازەكانی فێرکاری جۆریەتی، وەكو پێوەرێك بۆ بەرهەمهێنانی باشترین جۆری فێرکاری بەكاردەهێنن(أحمد، 2007، ل151).

جۆریەتی تەنها بەرپرسیاریەتی تاکێك وچەند كەسانێكی دیاریكراو نی یە، ئەوانی تر خۆیان لێ بەدوور بگرن، بەڵكو جۆریەتی بابەتێكی گشتی یە، پێویستدەكات هەرتاكێك خۆی بە بەرپرسیار بزانێ، بۆ چاككردن و ڕاپیكردنی كارەكان و بەرزكردنەوەی تا ئەندازەی پڕاكتیزەكردنی كارەكان بە باشترین شێوە(أحمد،2008،ل15).

### 1-2 گرفتی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە هەنگاو دەنێ بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێکی سەرەکی ئاستی جۆریەتی پەرتوكی كۆمەڵایەتی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایان لەشاری هەولێردا لە چ ئاستێكدایە؟

1- گرنگترین پێوەرەكانی جۆریەتی، كە لەپەرتوكی كۆمەڵایەتی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتیدا بوونی هەیە چین؟

2- ئەندازەی بوونی پێوەرەكانی جۆریەتی پەرتوكی كۆمەڵایەتی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، لەڕوانگەی سەرپەرشتیاران ومامۆستایانی شاری هەولێر چەندە؟

### 1-3گرنگی توێژینەوە:

1- ئەم توێژینەوەیە بەئامانجی نەخشەدانانی پرۆگرامەكان و بەرەوپێش بردنیەتی، هەروەها بڕیاردان بە دانانی پێوەرەكانی جۆریەتی، لەپێناو ڕەچاوكردنی بنیاتنان وسازدانی پرۆگرام وبەرەوپێشبردن و نووسینی پەرتوكی قوتابخانەیی كە جۆریەتی لەخۆیدا بگرێ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2-ئـــەم توێژینەوەیـــە یارمەتیـــدەرە بۆبـــەرچاوڕوونی ســـەبارەت بەجۆریـــەتی پـــەرتوکی کۆمەڵایـــەتی پـــۆلی نۆیـــەمی بنـــەڕەتی لەکوردســـتان؛ هەرگۆڕانکاریـــەك لەپـــەرتوکی کۆمەڵایـــەتی پـــۆلی نۆیـــەمی بنەڕەتیـــدا ئـــەنجام بـــدرێ؛ بەڕێوەبەرایـــەتی پرۆگـــرام وچاپەمەنییەکان،ســـوودی لێ وەردەگرن.
3-ئـەم توێژینەوەیـە دەبێتـە پڕکردنـەوەی کـەلێنێکی گـەورەی پەرتوکخانـەی کـوردی، بەتایبـەتی بۆتوێژینـەوەکان ولێکۆڵینـەوەکان، کـە تایبەتمەنـدبێ بەپـەرتوکی کۆمەڵایـەتی لـەژێر ڕۆشـنایی پێوەرەکانی جۆریەتی.

**4-1 ئامانجەکانی توێژینەوە:** ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە لە چەند خاڵێکدا کورت دەکەینەوە:-
1-دەستنیشـانکردنی پێوەرەکـانی جۆریـەتی گونجـاو کـە پێویسـتە بەردەسـت بـێ لەپـەرتوکی کۆمەڵایەتی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتیدا .
2-ناسـینی ئەنـدازەی بـوونی پێوەرەکـانی جۆریـەتی لـە پـەرتوکی کۆمەڵایـەتی پـۆلی نۆیـەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایان لەشاری هەولێر.
3-زانینـــی جیـــاوازی بەڵگـــەداری ئامـــاری لـــە بـــوونی پێوەرەکـــانی جۆریـــەتی بـــۆ پـــەرتوکی کۆمەڵایـــەتی پـــۆلی نۆیـــەمی بنـــەڕەتی؛ لـــە نێـــوان تێڕوانینـــی سەرپەرشـــتیاران و مامۆســـتایانی شـــاری هـــەولێر، بـــۆ گۆڕاوەکـــانی (ڕەگـــەز، جـــۆری کـــارکردن، جـــۆری دامـــەزراوە، کـــارلێکی نێـــوان سەرپەرشتیارو ڕەگەز).

**5-1 گریمانەکانی توێژینـــــەوە:**
1- جیاوازییـــەکی بـــەهاداری ئامـــاری نییـــە لـــە ئاســـتی بەڵگـــەداری(0،05)ی ڕێپێـــدراو، لـــە ئاســـتی جۆریـــەتی پـــەرتوکی کۆمەڵایـــەتی پـــۆلی نۆیـــەمی بنـــەڕەتی لـــە ڕوانگـــەی سەرپەرشـــتیاران و مامۆستایان لە پارێزگای هەولێر، لای سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بۆ(گۆڕاوی ڕەگەز).
2- جیاوازییـــەکی بـــەهاداری ئامـــاری نییـــە لـــە ئاســـتی بەڵگـــەداری(0،05)ی ڕێپێـــدراو، لـــە ئاســـتی جۆریـــەتی پـــەرتوکی کۆمەڵایـــەتی پـــۆلی نۆیـــەمی بنـــەڕەتی لـــە ڕوانگـــەی سەرپەرشـــتیارانی پەروەردەیی و مامۆستایان لە شاری هەولێر بۆ(گۆڕاوی ڕەگەز).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3- جیاوازییەکی بەهاداری ئاماری نییە لەئاستی بەڵگەداری(0,05)ی ڕێپێدراو، لە ئاستی جۆریەتی پەرتوکی کۆمەڵایەتی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایان لە پارێزگای هەولێر، بۆگۆڕاوی جۆری کارکردن(دامەزراو،وانەبێژ).

**1- 6 سنووری توێژینەوە:**

1- **سنووری ئەکادیمی:**دەستنیشانی ئاستی جۆریەتی پەرتوکی کۆمەڵایەتی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی سەرپەرشتیاران ومامۆستایان لە شاری هەولێردا دەکات.

2- **سنووری مرۆیی:**سەرپەرشتیاران و مامۆستایانی بابەتی کۆمەڵایەتی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی؛ لە قوتابخانەکانی سنووری شاری هەولێر.

3-**سنووری کاتی** :ساڵی خوێندنی(2021ز - 2022ز).

4-**سنووری جوگرافی:**پەروەردەی ناوەندی هەولێر، لەسنووری شاری هەولێر.

**7-1 دەستەواژە سەرەکییەکانی توێژینەوە:**

**1-جۆریەتی:** لە زمانی کوردیدا جۆریەتی بەمانای باشی، چاکی، نایابی دێت(کەریم،2006،ل185).هەروەها (جۆر) بەمانای تەرز، نەوع، ڕەوشت دێت بەپێی فەرهەنگی(موکریانی، 1369ك، 186).

توێژەر پێناسەی ڕێکاری جۆریەتی دەکات کە: بریتی یە لە پەیرەوکردنێکی گونجاو لە پرۆسەی خوێندن و گەیشتن بەوئاستە ، یاخود ڕاپەڕاندنی هەرکارێك کە دڵنیایی وگونجاوی تێدابیت و باش پراکتیزەو فۆرمەڵە بکرێت.

**2-پێوەر:**

هەرپێوەرێك لە پێوەرەکان لایەنی ئەرێنی و لایەنی نەرێنی هەیە، بەشێوەیەك هیچ پێوەرێکی ڕەها بوونی نی یە، کە هەموو لەسەری کۆك بن (الورثان، 1427،ل6).

توێژەر بەشێوەیەکی ڕێکاری پێناسەی (پێوەر)دەکات کە بریتی یە لە: کۆمەڵێك بنەماو مەرج و تایبەتمەندی کەدەستنیشانی دەکات ئەوبنەمایانەی پێویستە کە پەرتوکی کۆمەڵایەتی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لەخۆی بگرێ، بۆ بڕیاردان لەسەرئاستی جۆریەتیەکەی.

### 3- پەرتوکی قوتابخانەیی:

پەرتوکی قوتابخانەیی واپێناس دەکرێ کە بریتی یە لە: کۆمەڵێك لە شـــارەزایی جیاواز، کە پێشکەشی قوتابیان دەکرێت، پەرتوکی پەرەپێدراو ئەوەیە تۆکمە بێ لە هەموو لایەنەکانی فێرکاری وپەروەردەیی وزانستی وکۆمەلایەتی ورۆشـەنبیری و وەرزشـی و تەندروسـتی و سـیاسـیەوە (أبوعنزة،2009 ،ل48).

توێژەر پێناســەی ڕێکاری (پەرتوکی قوتابخانەیی) دەکات:بریتی یە لە کۆمەڵێك بابەت لە دوو توێی پەرتوکێك و لەلایەن لێژنەو دەســتەیەکی پســۆڕەوە دانرابێ، کۆمەڵێك زانیاری و لێهاتوویی و شارەزایی لەخۆی بگرێ، کەبۆ گەشەپێدان و پەرەپێدانی هزری فێرخوازان پێویستبن.

### 4- پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی:

توێژەر بەشێوەیەکی ڕێکاری پێناسەی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی دەکات: لە هەرێمی کوردستان، ئەم ئاستە قۆناغێکە لە قۆناغەکانی ساڵی خوێندن و فێربوون، کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە دوای تەواوبوونی قۆناغی هەشتەم، تەمەنی فێرخوازان لەم قۆناغەدا لە نێوان (14-15)ساڵیدایە.

### 5-سەرپەرشتیاری پەروەدەیی:

بریتی یە لەوکەسایەتییەی کەسەرپەرشتی مامۆستایان دەکات وهەوڵدەدا بۆ باشتکردنی کارەکان، بە ئاراســتەکردنی گۆڕینی ڕەفتاری فێرکردن هەنگاو دەنێ؛ هەروەها گرنگی دەدا بەتەواوی هەڵوێســتەکانی فێرکردن و فێربوون و مامۆســتایان وفێرخوازان و ژینگەوکارئاســانی بۆتەواوی قوتابخانە دەکات(صالح،2018 ،ل20).

### 6-مامۆستا:

مامۆستا ڕەگەزێکی سەرەکییە لە ڕەگەزە کاریگەرەکانی بواری پەروەردەو فێرکردن، مامۆستا خاڵی بەیەك گەیاندنی پرۆگرامەکانە بە قوتابییان بۆباشترکردنی ڕەفتاری فێربوون، مامۆستایان پەیوەستن بە زانینی ڕێگاو شــێوازەکانی وانە ووتنەوە؛ لەڕێگای بوونی پلانی ڕۆژانەو مانگانەوســاڵانە هانی قوتابییان دەدەن، بۆباشترکردنی ڕەفتاری فێربوون(ڕێبەری مامۆستاو بەڕێوەبەروسەرپەرشتیار،2013 ،ل5-9).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یاخود مامۆستا کەسێکە تواناکانی خۆی بزانێت و،تواناکانی خۆی بدۆزێتەوەو،خۆی هەڵبسەنگێنێت؛دەبێت خاوەنی بەها بنەڕەتەیکان بێت وەکو بەها ژێرییەکان و،بەهای کەسایەتی و، باوەڕو،بەهای پسپۆڕی و ڕۆشەنبیری گشتی و ،بەهای فێرکاری و پسپۆڕی و ،بەهای ڕابەریکردن و بەڕێوەبردن و بەهای کۆمەڵایەتی(ئێرتوغرول،2017،ل92).

**7-شاری هەولێر:**

شاری هەولێر دەکەوێتە باشووری کوردستانی گەورەو، باکووری وڵاتی عێراقی فیدراڵ کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە، سنووری سەنتەری شاری هەولێر پێکهاتووە لەشەش شارەوانی کەهەر شارەوانییەك چەندیین قوتابخانەی بنەڕەتی و ناوەندی، سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێری لەخۆی گرتووە(پێگەی پارێزگای هەولێر،2022).

## بەشی دووەم - چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

### 2-1جۆریەتی لەفێرکردن:

**2-1-1چەمکی جۆریەتی:**

**یەکەم: چەمکی جۆریەتی لەڕووی زمانەوانی :** چەمکی جۆریەتی لەڕووی زمانەوانی لە فەرهەنگی هەراشان هاتووە:بەمانای چەشن،تەرز، ڕەنگ ،شێوە دێت، هەروەها جۆر بەجۆر بەمانای هەمەجۆر، ڕەنگاو ڕەنگ ،جۆراو جۆر ، چەند جۆرەك ،هەمەلایەن، هەمەچەشن، چەند ڕەنگ دێت(عبدالجبار،2007،ل111).

**دووەم: چەمکی جۆریەتی لەڕووی زاراوە:** ألنجارئاماژە دەکات کە: جۆریەتی شێوازێکە بۆ باشترپیادەکردن وبەرهەمهێنان وبەشایەستە بوونی زیاتر وچالاکبوونی زێدەتر وئەو پەڕی نەرمی نواندن (ألنجار،1999،ل72).

**2-1-2چەمکی جۆریەتی لە پرۆسەی فێرکاریدا:**

هەروەها جۆریەتی لە پرۆسەی فێربوون ئەوەیە کە پرۆسەی فێرکردن وای لێ بکرێت کە خۆشی و ،ئاسوودەبوونی تێدابێ (ألأنصاری ومصطفی ،2002،ل23).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2-1-3 قۆناغـــەکانی جێبـــەجێکردنی جۆریـــەتی لـــە پـــەروەردەو فێرکردندا:ســـەبارەت بەقۆناغـەکانی جێبـەجێکردنی جۆریـەتی لـە پرۆسـەی پـەروەردەو فێرکردنـدا دەتـوانین لـەم خاڵانەی خوارەوەکورتدەکەینەوە:**

1- قۆناغی باوەڕو متمانە پێهێنان و بنیاتنانی کارگێڕییەکی بەرز بۆ جۆریەتی.

2- قۆنـاغی نەخشــەدانان، پێویســتە تــەواو هێڵــە گشــتیەکان و ســتراتیژییەکانی تیــادا بکێشــرێ ودروســتکردنی ئەنجومــەنێکی ڕاوێژکــاری بــۆ جۆریــەتی وئامادەســازی بــۆ بەرنامــەی ڕاهێنــان ودیاریکردنی دەستکەوتەکانی دارایی.

3- قۆنـــاغی جێبـــەجێکردن، کەتیایـــدا ئـــەو تاکانـــە دەستنیشـــاندەکرێن، کـــە ئـــەرکی جێبەجێکردنیان دەخرێتە ئەستۆیان وڕاهێنانیان پێ دەکرێ.

4- قۆنـــاغی هەڵســـەنگاندن،لەم قۆناغـــەدا ئـــەوەی پیـــادە دەکـــرێ، ژمارەیـــەك پـــرس دەردەبڕدرێـــــدەربارەی لایەنـــــەکانی بـــــەهێزیی و لاوازی دام و دەزگاکـــــە بەرلـــــە پیادەکردن.(أحمد،2003 ،181) و (الترتوری و جویحان،2006،37).

**2-1-4 هۆکارەکانی جێبەجێکردنی سیستەمی جۆریەتی لەپرۆسەی فێرکردن:**

**پێویســـتە جۆریەتی لەســـیســـتەمی پەروەردە، بەتایبەت لە قوتابخانەکان لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە جێبەجێبکرێت:**

- لەپێناو تەرخانکردنی کات وکۆشش و بۆ دەستکەوتی کارە پەروەردەیی و فێرکاریەکان.
- گەشــەپێدانی ،بــەهای کــاری دەســتە کۆمــەکی و،گییــانی کۆمــەڵی و هــەرەوەزی و هاوبەشــبوون وچەندینی ترلەو بەهایانە.
- تێرکردنـــی پێداویســـتییەکانی فێرخـــوازان وبـــەدیهێنانی ڕەزامەنـــدی کارەکتـــەرەکانی دەزگاکانی پرۆسەی خوێندن.
- باشــترکردنی ناوبــانگی دامــو دەزگاکــانی خوێنــدن لــە دیــدی مامۆســتایان و قوتابییــان و دایوبابی قوتابیان وکۆمەڵگا(العاجز ونشوان2007،ل204).

**2-1-5بنەماكانی جۆریەتی لەپرۆسەی فێركردن:**

(ئـــەركارۆ) توانیویـــەتی چەندبنەمایـــەكی ســـەرەكی دەستنیشـــان بكات،كـــە نماینـــدەی جۆریەتی لەپرۆسەی فێربوون دەكات، ئەمانیش ئەم خاڵانەن:

- **بەشـــداربوون:** ئەمـــەش لـــەڕێگای ئـــەوەی كـــە فێرخـــواز و دایـــك وباوكیان،هەســـت بەبەرپرسیاریەتی بكەن.

- **پابەنـدبوون:** دەسـتەی خوێنـدن و ،كـارگێڕی پێویسـتە بنـەمای جۆرایـەتی دیـاریكراو لـەناو دام و دەزگاكـەیان بخـولقێنن، ئـەمیش بـە پشـتكردن لـە تـەواوی هۆكارەكـانی ڕۆتـین لـەنێو دام و دەزگاكەیاندا.

- **گەشـــەپێدانی بـــەردەوام:** ئەمـــەش بـــۆ بـــەدیهێنانی پاڵپشـــتی بنـــەماكانی پـــەروەردە لای قوتابییان.

-**دیـدگای سـتراتیژی-** لای فێرخـوازان و مامۆسـتایان و دایـو بابـان و پلانـی دوارۆژ، نـابێ كـورت بكرێتـــەوە بۆســـەر دەســـتەیەكی دیـــاریكراو لـــەدام و دەزگـــا فێركاریـــەكان، بـــەڵكو گشـــتگیربێ تەواوی ئەندامانی دام و دەزگاكە بگرێتەوە(منصور،2005،ل86 ).

**2-2جۆریەتی لە پرۆگرامەكانی خوێندن:**

چەمكی جۆریەتی پرۆگرامی قوتابخانەیی بریتیە لە كۆمەڵێك شـارەزایی جۆراو جۆر و بەیەكەوە گرێدراو پێكدێت، كە ئەمەش هەلێك دەرەخسێنێ بۆفێرخواز بۆئەوەی لەم پرۆگرامانە بەهەرەمەندبێ وقۆناغ بەقۆناغ بیانبڕێ، ئەمەش كۆی پرۆسەكانی فێركردن پێكدەهێنێ (أللقائی،1995 ،ل40 ).

**2-2-1چـەمكی پرۆگـرام:** لـەڕووی زمانـەوانی (پرۆگـرام) واتـە: كارنامـە، پێـڕەو، پرۆگـرام، بەرنامـە، ڕێبـاز، ڕەوت (حبیـب،2002 ،ل121-126).لـەڕووی زاراوە ووشـەی (پرۆگـرام) لـە بنەڕەتـدا وشـەیەكی (یۆنـانی/گریكـی)یـە، واتـە: ئـەو ڕێگایـەی كـە تـاك دەیگرێتەبـەر بۆگەیشـتن بە ئامانجێكی دیاریكراو(شاهین،2006،ل13).

**2-2-2هەڵســەنگاندنی پرۆگرامــی خوینــدن:**پرۆگرامـــی خوێنـــدن :بریتییـــە لەكۆمـــەڵێك ئـەزموونی پـەروەردەیی، كەقوتابخانـە پێشكەشـی قوتابیـانی دەكـات، بـە ئامـانجی گەیشـتن

بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەگەشــەکردنێکی تــەواوو کامــڵ، بۆبنیاتنــانی تــاك لــە ڕووی جەســتەیی و ژیــری و دەروونــی و کۆمەڵایەتی و ئایینیەوە(یونس واخرون، 1425،ل17).

پەروەرشـکاران کـۆکن لەسـەر ئـەوەی کـە پێوەرەکـانی پڕۆگـرام دەبـێ چەنـد خاڵێـك لەخۆیـدا بگرێ:

1-گونجاوی پڕۆگرامی خوێندن لەگەڵ پێداویستییەکانی کۆمەڵگا.

2-گونجاوی پڕۆگرام لەگەڵ دەروونی فێرخوازان.

3-گونجاوی لەگەڵ پێشکەوتنە بەدەست هاتووەکانی زانست وڕاستییەکانی مرۆڤایەتی.

4- ئاستی بەشداری لە بەدیهاتنی ئامانجە پەروەردەییەکان.(أبوحویج،2000، ل208 ).

### 3-2-2مەبەستەکان لەپێداچوونەوەی پڕۆگرامەکان:

بەپێ ی بەڵگەنامەی ساڵی (2012)هاتووە کە سیستەمی پڕۆگرامەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان بەیەکەوە سیستەمێکی پڕۆگرامی هاوبەش بۆ ووڵات دەستنیشان دەکەن، کە لەسەر پێوەرو تێڕایی دامەزراوە، چوارچێوەیەکی گشــتی پێوەری نایاب دابین دەکات، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندداره بە نـاوەرۆکی پڕۆگرام و ڕێگـاکـانی فێرکردن و فێربوون، لـەم سـۆنگـەیـەوە پڕۆگرامـەکـانی عێراق بنچینەیەکی هاوبەش دادەنێت بۆگەشـەسـەندنی بابەتە بڕیارلەسـەردراوەکان و پەرتوکی قوتابخانەو پێداچوونەوەی پڕۆگرامەکان(چوارچیوەی گشتی پڕۆگرامەکانی خوێندنی عێراق،2012، ل20).

گرنگتریین پاساوو هۆکار بۆ پەرەپێدانی پڕۆگرامەکان بریتین لە:(کەمو کورتی پڕۆگرامی ئێستای خویندن ،پێداویستیەکانی کۆمەڵگای داهاتوو،گەشەی پەروەردەیی(هندی،1999، ل160).

### 4-2-2 ئەو لایەنانەی کە پێویستە بەژداربن لە نەخشەدانانی گۆڕینی پڕۆگرامەکان:

**1-قوتابیــان:**ژماریــەکی بەرچاولــە پەروەرشــکاران، بــە پێویســتی دادەنــێن، کــە قوتابییــان بەژدارییان پێ بکرێ لە نەخشەدانان و گۆڕینی پڕۆگرامەکانی خوێندن.

**2-مامۆســتایان:** بــەهۆی وانــە ووتنــەوەی مامۆســتایان بــەفێرخوازان، پێویســتە مامۆســتایان ڕۆڵی باڵایان هەبێ لە نەخشەدانان و هەڵسەنگاندنی پڕۆگرامەکان.

**3-شارەزاییانی پڕۆگرام:** شارەزایانی بواری پڕۆگرامسازی ڕۆڵێکی باڵاو بنەڕەتییان هەیە،لەپەرەپێدان ودانانی پڕۆگرامەکان(ألزوینی وآخرون،2013،ل76-77) هەروەها(قرنی،2016، ل280 ).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**5-2-2 پرۆگرامی بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی قۆناغی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان:**

بابەتەکانی (مێژوو،جوگرافیاو هاونیشتیمانی بوون) تا ساڵی 2004 بابەتی سەربەخۆبوون ولەناوەندەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان دەخوێنرا، بە پێی فەرمانی وەزاری (ژمارە/3274 وبەرواری 2004/4/21)لێژنەکانی گۆڕانکاری لە پرۆگرامەکان، هەریەکێك لەپەرتوکەکانی (جوگرافیاو مێژوو هاونیشتیمانی بوون) لەژێربەناوی پەرتوکی کۆمەڵایەتی کۆکراوەو بوو بەیەك پەرتوکی سەربەخۆ، بڕیاری گۆڕانکاریەش لەسەردەمی وەزیری پەروەردە (عبدالعزیز طیب)بوو.

**3-2جۆریەتی پەرتوکی قوتابخانە**

**1-3-2 چەمکی پەرتوکی قوتابخانەیی:**

چەمکی پەرتوك:بەشێوەیەکی گشتی بریتیە لەبەڵگەنامەیەکی چاپکراولەدووتوێ ی بەرگێگ ولەچەند پەرەیەك پێکهاتووە (صبری،2009، ل16).

پەرتوکی قوتابخانەیی: سیستەمێکی گشتگیرە کە توخمەکانی ناوەرۆکی پرۆگرام لەخۆی دەگرێ ولەچەند ڕەگەزێك پێك دێت: وەکو ئامانج و ناوەرۆك و چالاکیەکان و هەڵسەنگاندن (مرعی و الحیلة،2004، ل251).

**گرنگیەکانی پەرتوکی قوتابخانەیی بریتین لە:**

- پەرتوکی قوتابخانەیی بڕێکی دیاریکراو لە زانیاری و ڕاستی پێشکەشی فێرخوازان دەکات.
- پەرتوکی قوتابخانەیی دەرفەت بۆ مامۆستایان دەرەخسێنێ بۆ بەکارهێنانی ڕێگاکانی وانە ووتنەوە.
- پەرتوکی قوتابخانەیی دەرفەت بۆ قوتابییان دەرەخسێنێ بۆ ڕاهێنان لەسەر کارامەیی خوێندنەوە؛بەجۆرێ پەرتوکەکە دەبێتە هاوکارێك بۆفێرخواز لەبابەتی تریش.
- پەرتوکی قوتابخانەیی چوارچێوەیەکی گشتی بۆ بڕیارلێدراوەکانی خوێندن دادەنێ، بەپێی ئامانجە دەستنیشانکراوەکان کەپێشتر دیاریکراوە.(ألزوینی واخرون،2013، ل103-104).

**2-3-2 تایبەتمەندییەکانی پەرتوکی قوتابخانە: تایبەتمەندییەکان ئەم خاڵانەی خوارەوەن:**

1- پێویستە پەرتوکی قوتابخانە سەرچاوەی فێربوونی تری تێدابێت و ئاراستەی چوارچێوەی گشتی پرۆگرامەکان و بابەتە بڕیارلەسەردراوەکانی تێدا ڕەنگبداتەوە.

2-پێویستە کتێبی ڕێبەری مامۆستاو کتێبی ڕاهێنانی قوتابی و پرۆگرامە ئەلیکترۆنیەکان و بابەتە بیستراوو بینراوەکان؛ هەمووی تەواوکەری یەکتربن.

3- پێویستە پەرتوکی قوتابخانەیی دووربێت لە لایەنگیری.

4- پێویستە پەرتوکی قوتابخانە بەچاکی ڕێکخرابێت(چوارچیوەی گشتی پرۆگرامەکانی خوێندنی عێراق،2012، ل51 ).

**3-3-2جۆریەتی پەرتوکی قوتابخانە: فاکتەرەکانی تایبەت بە جۆریەتی پەرتوکی قوتابخانە:**

1- ئاستی نووسەرانی پەرتوکی قوتابخانەیی.

2- بوونی سەرچاوەو ژێدەر،کەپەرتوکەکە بۆ بابەتەکانی پشتی پێ دەبەستێ.

3- کەشی زانستی و توێژینەوە پەروەردەییەکان.

4- جۆری پرۆگرامی قوتابخانە، کەپەرتوکەکەی لەسەربنیاتنراوەو فەلسەفەی فێرکاری کەڕێنوینی دەکات. (رضوان واخرون،1962،ل242).

**4-3-2 گرنگی خوێندنی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان: لەم خاڵانە کورت بکەینەوە:**

1- بەسەرچاوەی فێربوونی کۆمەڵایەتی دادەنرێت.

2-یارمەتی بەرچاو ڕوونی فێرخواز دەدات لەوەی لەسەردەمە جیاوازەکان ڕوویداوە.

3- وا لە فێرخواز دەکات گرنگی زۆر بە گرفتە کۆمەڵایەتیەکان بدات.

4-یارمەتیدەرە، بۆ تێگەیشتن لەڕێکارە کۆمەڵایەتیەکان(عبدالباسط،2020، 2020/11/4).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی سێیەم: توێژینەوەکانی پێشووتر

**1-3 توێژینەوەی حاجی (2018):** "ئاســتی جۆریەتی پەرتوکی مێژوو بۆ پۆلی یانزەی ئامادەیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق لەبەر ڕۆشنایی پێوەرە هاوچەرخەکان و پەرەسەندنی بەشێکی فێرکاری پێشنیارکراو بەپێی پێوەرەکان"

**2-3توێژینەوەی عارف وئەوانی تر(2018):** ''هەڵسەنگاندنی پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بۆپۆلی نۆی بنەڕەتی لەدیدی مامۆستایانەوە''

**3-3توێژینەوەی محمد(2012):**''هەلســـەنگاندنی پەرتوکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەقۆناغی بنەڕەتی لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە''

**4-3توێژینەوەی ألغول(2010):**''ئاســتی جۆریەتی پەرتوکی مێژووی بڕیارلێدراو بۆپۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی سەرپەرشتیاران ومامۆستایانی مێژوو لە پارێزگاکانی غەززە''

**5-3بەراورد لە نێوان توێژینەوەکاندا:**

**یەکەم: لەڕووی ئامانجەوە:** توێژینەوەی (حاجی،2018)ئامانجی شــیکردنەوەی ئاســتی جۆریەتی پەرتوکی مێژوو بۆ پۆلی یانزەی ئامادەییە لەهەرێمی کوردســـتانی عێراق؛ دەردەخات،بەڵام ئامانجی توێژینەوەی(ألغول،2010) بۆ دەســتنیشــانکردنی ئاســتی جۆریەتی دانراوی پەرتوکی مێژووبۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی ســـەرپەرشـــتیاران ومامۆســـتایانی مێژوو لەپارێزگاکانی غەززە بوو، هەردوو توێژینەوەی (محمد ،2012)و (عارف وئەوانی تر،2018)ئامانجی هەڵســـەنگاندنییان بۆپەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان لەقۆناغی بنەڕەتیدا لەدیدی مامۆستایانەوە بوو.

**دووەم: لەڕووی ڕێبازی توێژینەوە:** توێژینەوەکان ڕێبازی (وەســـفی)شـــیکارییان بەکارهێناوە؛ وەکو توێژینـەوەکـانی (حـاجی،2018)و(ألغول،2010)،بـەڵام توێژینـەوەی(عـارف وئـەوانی تر،2018)و توێژینەوەی (محمد ،2012)ڕێبازی (وەسفی)یان بەکاهێناوە.

**ســـێیەم: لەڕووی بەکارهێنانی ئامرازەوە:** هەرچوار توێژینەوەکە(حاجی،2018)و (ألغول،2010)و (عارف وئەوانی تر،2018)و (محمد ،2012)هەموویان (فۆڕمی ڕاپرســـی)یان لەتوێژینەوەکانییان بەکارهێناوە.

**چوارەم: لەڕووی بەکارهێنانی نمونەی کۆمەڵگاکانیان:** زۆربەی توێژینەوەکان نموونەی کۆمەڵگاکانیان مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بوون؛ وەکو توێژینەوەکانی(ألغول،2010)و (عارف وئەوانی تر،2018)و (محمد ،2012)، تەنها توێژینەوەی (حاجی،2018) نمونەی کۆمەڵگاکەی پەرتوکی مێژوو بۆ پۆلی یانزەی ئامادەیی لەهەرێمی کوردستانی عێراق دیاریکرد.

**پێنجەم: لەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوە** هەردوو توێژینەوەی(حاجی،2018)و (ألغول،2010) دەیسەلمێنن کەئاستی جۆریەتی پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان، بەپێ ی پێویست نییە، هەروەها توێژینەوەکانی (عارف وئەوانی تر،2018)و(محمد ،2012)دووپاتی ئەوەدەکەنەوە کەپەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لاوازەو پێویستی بەدووبارە بەپێداچوونەوەو گۆڕانکاری هەیە.

## بەشی چوارەم: ڕێکار و شیکردنەوەی ئەنجامەکان

**1-4 ڕێبازی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیە توێژەر (ڕێبازی شیکاری-وەسفی)بەکارهێناوە، وەسفکردن لە ڕاپرسییەکان بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە بوارە جیاوازەکانی دیاردەوکێشانی کۆمەڵگە، یان ژینگەیەکی دیاریکراوودەرخستنی ڕاستییەکان.(ألحللى،2017،ل91).

**2-4 کۆمەڵگای توێژینەوە:**کۆمەڵگای توێژینەوە بریتییە لە مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان، کە ژمارەیان بۆساڵی خوێندنی (2021-2022)بەپێ ی فەرمانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر ژمارە (221)، بەرواری(2021/1/4)، (1018)مامۆستای کۆمەڵایەتییە لە هەردوو ڕەگەزدا؛ ڕەگەزی نێر(290)مامۆستاو ڕەگەزی مێ(728)مامۆستا، ژمارەی (سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بنەڕەتی) کە نوێنەرایەتی توێژینەوەکە دەکەن، ژمارەیان بریتییە لە(80)سەرپەرشتیار(35)سەرپەرشتیاریان لەڕەگەزی نێرن و(45)یشیان لەڕەگەزی مێن، کۆمەڵگای توێژینەوە لەمامۆستایانی پەروەردەی ناوەندی هەولێر،بەسەر(شەش شارەوانی) دابەشبوونە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**خشتەی ژمارە( 4-1): زانیاری و داتای کۆمەڵگای توێژینەوە ڕەگەزی( نێرومێ)بۆساڵی خوێندنی(2022-2021)**

| | ناونیشانەکان | ژمارەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1- | ڕێژەی مامۆستایانی کۆمەڵایەتی | 1018 | 100% |
| أ- | ڕەگەزی نێر | 290 | %28.48 |
| ب- | ڕەگەزی مێ | 724 | %71.11 |
| 2- | ڕێژەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی (بنەڕەتی) | 80 | 100% |
| أ- | ڕەگەزی نێر | 35 | %43.75 |
| ب- | ڕەگەزی مێ | 45 | %56,25 |

### 3-4 نموونەکانی توێژینەوە:

دوای دەستنیشانکردنی کۆمەڵگای توێژینەوە، توێژەر هەستا بە هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوە؛ لەکۆی(118)مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بەڕێژەی 25% لەکۆمەلگای توێژینەوەدا بەشێوەی هەڕەمەکی؛ (82 )مامۆستا لە ڕەگەزی نێرو، (168)مامۆستا لە ڕەگەزی مێی هەڵبژارد، هەروەها لەکۆی(80)سەرپەرشتیاری پەروەردەیی25%ی نمونەی کۆمەڵگاکە بەشێوەی هەڕەمەکی هەڵبژارد، کەبریتی یە لە (20) سەرپەرشتیار، (10)یان ڕەگەزی نێرن وهەروەها (10)سەرپەرشتیار لەڕەگەزی مێن.

**خشتەی ژمارە (4-2): دابەشبوونی نموونەکانی توێژینەوە بەپێ ی ڕەگەز(نێرومێ)**

| | ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| **مامۆستایان** | نێر | 82 | %32،8 |
| | مێ | 168 | %67،2 |
| **کۆی گشتی** | | 250 | %100 |
| | **ڕەگەز** | | |
| **سەرپەرشتیاران** | نێر | 10 | %50 |
| | مێ | 10 | %50 |
| **کۆی گشتی** | | 20 | %100 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی نمونەی وەرگیراوی مامۆستایان وسەرپەرشتیاران | 270 | %100 |

**4-4ئامرازەکانی توێژینەوە:**

توێژەر هەستا بە ئامادەکردن ونەخشەکێشانی ئامرازی توێژینەوەکەی، فۆرمی ڕاپرسی: بریتییە لەکۆمەڵێک پرسیاری نووسراو، ئامادەکراون بەنیازی بەدەستهێنانی زانیاری یان بیروڕای توێژەران سەبارەت بە دیاردەیەک یان هەڵوێستێکی دیاریکراو(عیشوروئەوانیتر،2017،ل352).

فۆرمی ڕاپرسیەکە کەپێکهاتووە لە پێنج تەوەر(یەکەم:دانانی پەرتوك،دووەم:شێوەی هونەری پەرتوك،سێیەم:ناوەرۆکی پەرتوك،چوارەم:بنەمای پەروەردەیی ودەروونی،پێنجەم:شێوازەکانی هەڵسەنگاندن) کۆی برگەکان (116 برگە)ی لەخۆ گرتووە بۆهەر برگەیەك بەپێی (پێوەری پێنجی لیکارت) دابەشبوون بەم شێوەیە: (بەردەستە بە پلەێکی زۆر بەرز، بەردەستە بە پلەێکی بەرز،بەردەستە بە پلەی ناوەند، بەردەستە بە پلەێکی کەم، بەردەست نیە)، لەسەر ئەم بنەماو سەرچاوانە نەخشەی پێوەرەکانی (جۆریەتی پەرتووکی کۆمەڵایەتی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایان لەشاری هەولێردا) دارێشت:

1-ئەو ئامانجانەی کە وەزارەتی پەروەردەی عێراق و هەرێمی کوردستان دیارییان کردووە.

2-سرووشتی کۆمەڵگای کوردستانی وپێداویستی و داواکارییەکانی.

3- توێژینەوەکانی پێشووترونامە زانستییەکان وەکو:(الأغا،2010) وو(محمد2012)و(عارف و ئەوانی تر2018)و(حسن،2019).

**4-4-1-دەستنیشانکردنی(ڕاستیی-validity)ی ئامرازەکە:**

ڕاستی بریتیە لەتوانای ئامرازی توێژینەوە بۆپێوانەکردنی ئەو دیاردەیەی، کەبانگەشەی پێوانەکردنی بۆدەکات(بۆکانی،2020،153). ڕاستی ئامراز واتە توانای پێوانەکردنی ئەوەی هەبێت کە لە پێناویدا دانراوە، یاخود ئەو دیاردەیەی دەمانەوێت پێوانەی بکەین(الروسان،1999،ل31).**ڕاستی ئامراز دەبێتە دووبەش:**

**یەکەم:ڕاستگۆیی ڕواڵەتی(ڕاستگۆیی شارەزایان):**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەبەرواری (2021/12/9)بەشێوەی سەرەتایی فۆرمی ڕاپرسیەکەمان بەسەر(13)پسپۆرو شارەزا لەزانکۆکانی (صلاح الدين وسۆران)،پێشانداو دابەشمان کردبەسەریاندا، بەمەبەستی دەرخستنی گونجاووو نەگونجاوی بڕگەو ڕەهەندەکانی پێورەکەمان و چاوپێخشاندنەوە بەکۆی بڕگەو ڕەهەندەکان، پێوەرەکە لە (116 بڕگە)وپێنج ڕەهەند پێکدێت، تابەرواری(2022/1/16) تەواوی فۆرمەکانمان کۆکردەوە، بەم شێوەی خوارەوە ئەنجامی گونجاوو نەگونجاوی (ڕاستگۆیی ڕواڵەتی)مان دەرکرد:

دوای کۆکردنەوەی ئەنجامی گونجاوو نەگونجاوی بڕگەکان وشیکارکردنی داتاکەوئەنجامەکە بەم شێوەیە دەرچوو: ڕێژەی(95%)ی کۆی گشتی پسپۆڕو شارەزایان بڕگەکانی ڕاپرسیەکەیان بەگونجاو داناوە، هەروەها ڕێژەی(5%)ی لەکۆی گشتی، بڕگەکانیان بەنەگونجاو داناوە، بۆیە فۆڕمی ڕاپرسیەکە بەپێ ی ئەنجامەکە بەرێژەیەکی بەرزقەبوڵکرا، جگە لەدەستکاری هەندێك تێبینی ڕێنووسی.

**دووەم:ڕاستگۆیی گونجاوی ناوەکی:**

فۆڕمی ڕاپرسیەکەمان بەسەر(20) لە مامۆستایان لە(ڕەگەزی نێرو مێ)دا دابەشکرد، دواتر بە(هاوکۆلکەی پەیوەستبوونی پێرسۆن) پەیوەستیی بڕگەکان وڕەهەندەکانی نێوانمان بە بەرنامەی ئاماری (spss)دەرهێنا بەپێ ی ئەم خشتەیەی خوارەوە:

**خشتەی ژمارە (3-4): هاوکۆلکەی پەیوەستبوونی نێوان هەر بڕگەیەك لەگەڵ ڕەهەندەکان**

| ڕەهەندەکان | هاوکۆلکەی پەیوەستبوون | بەهای ئەگەری |
|---|---|---|
| یەکەم:دانانی پەرتوك | 0.626 | 0.002 |
| دووەم:شێوەی هونەری پەرتوك | 0.563 | 0.003 |
| سێیەم ناوەرۆکی پەرتوك | 0.670 | 0.006 |
| چوارەم بنەمای پەروەردەیی و دەروونی | 0.673 | 0.004 |
| پێنجەم:شێوازی هەڵسەنگاندن | 0.717 | 0.003 |
| کۆی گشتی | 0.649 | 0.0036 |

بەپێ ی خشتەی(3-4) دەردەکەوێ(هاوکۆلکەکانی پەیوەستبوونی پێرسۆن) بۆپەیوەستبوونی بڕگەکانی ڕەهەندەکان، دەرکەوتووە: کە لەنێوان تەواوی بڕگەی ڕەهەندەکان پەیوەندییەکی بەهاداری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاماریی هەیە؛ چونکە کۆی گشتی هاوکۆلکەی پەیوەستبوونەکە بریتییە لە(0.649)بەنرخی ئەگەریی گشتی تەواوی بڕگەی ڕەهەندەکان کە بریتییە لە(0.0036)، ئە نرخە لە ئاستی ئەگەری(0.05)ڕێپێدراو بچوکترە، تەواوی پرسیاری ڕەهەندەکان ڕاستگۆییەکی بەهێزییان.

**خشتەی ژمارە (4-4): هاوکۆلکەی پەیوەستبوونی پێرسۆن لە نێوان ڕەهەندەکانی پێوەرەکە**

| ڕەهەندەکان | | یەکەم | دووەم | سێیەم | چوارەم | پێنجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | person | 1 | .0845** | .0778** | .0807** | .0613** |
| | sig | | .0000 | .0000 | .0000 | .0004 |
| دووەم | person | .0845** | 1 | .0718** | .0811** | .0645** |
| | sig | .0000 | | .0000 | .0000 | .0002 |
| سێیەم | person | .0778** | .0718** | 1 | .0871** | .0796** |
| | sig | .0000 | .0000 | .0000 | .0000 | .0000 |
| چوارەم | person | .0807** | .0811** | .0871** | 1 | .0904** |
| | sig | .0000 | .0000 | .0000 | .0000 | .0000 |
| پێنجەم | person | .0613** | .0645** | .0796** | .0904** | 1 |
| | sig | .0004 | .0002 | .0000 | .0000 | |

بەپێ ی خشتەی(4-4)دا دەردەکەوێ پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی بەهێز لە نێوان کۆی ڕەهەندەکان بوونی هەیە بەڕێژەی جیاواز؛ هەروەها بەهاداری ئامارین، چونکە (نرخی ئەگەریی) ڕەهەندەکان لە ئاستی(0.05)ی ڕێپێدراو بچوکترن؛ بەهێزترین پەیوەستبوونیش لەنێوان ڕەهەندی چوارەم وڕەهەندی پێنجەمدا بوونی هەیە، کەبریتیە لە (**0.904)ونرخی ئەگەریشی بریتییە لە(0.00)،کەمترین ڕێژەی پەیوەستبوونیش لەنێوان ڕەهەندی یەکەم و ڕەهەندی پێنجەمدا بەدی دەکرێ، کە پەیوەستبوونەکەی برتییە لە(**0.613)ونرخی ئەگەریشی بریتییە لە(0.004).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2-4-4جێگیری فۆڕمی ڕاپرسی** (Reliability):

بۆدۆزینــەوەی جێگیــری، ئــامرازی توێژینەوەکــەمان بەســەر تاکــەکانی نمونــەی دەستنیشــانکراو دابەشــکرد، جێگیــری بــۆ ئــامرازی توێژینەوەکــەمان دۆزیــەوە؛ ئــەمیش بــەڕێگای (بــەنیوەکردن)و هاوکۆلکەی (الفاکرونباخ).

**1-ڕێگــەی بــە(نیــوەکردن-التجــزءة النصــفیة):**بۆهــەژمارکردنی جێگیــری ئامرازەکــەمان بــەڕێگای (بــەنیوەکردن)کــۆی گشــتی نمرەکــانی (نموونــەی دەستنیشــانکراو)مــان بــەکارهێنا؛ ئــەمیش بەڕێگای هاوکێشەی (سپێرمان براون).

**خشتەی ژمارە (4-5): هاوکۆلکەکانی پەیوەستبوون لە نێوان ڕەهەندەکانی پێوەرەکە بەگشتی بەرلە ڕێکخستن وهاوکۆلکەی جێگیری دوای ڕێکخستن**

| ڕەهەندەکان | ژمارەی برگەکان | پەیوەست بوون بەرلەڕێکخستن | ڕێکخستنی هاوکۆلکەکە بە(سپێرمان براون) |
|---|---|---|---|
| **یەکەم:دانانی پەرتوک** | 21 | 0.865 | 0.927 |
| **دووەم:شێوەی هونەری پەرتوک** | 22 | 0.893 | 0.943 |
| **سێیەم ناوەڕۆکی پەرتوک** | 25 | 0.920 | 0.958 |
| **چوارەم بنەمای پەروەردەیی و دەروونی** | 24* | 0.922 | 0.960 |
| **پێنجەم:شێوازی هەڵسەنگاندن** | 24 | 0.918 | 0.957 |
| کۆی گشتی | 116 | 0.903 | 0.949 |

لەخشــــتەی (4-5)دا ڕوون دەبێتــــەوە بــــەپێ ی هاوکۆلکــــەی(ســــپێرمان بــــڕوان)، ئــــامرازی توێژینەوەکــە کــۆی گشــتی پەیوەســتبوونەکەی بەرلەڕێکخســتن بریتییــە لــە(0.903) هــەروەها پەیوەستبوونەکە دوای ڕێکخستن کۆی گشتی بریتییە لە(0.949).

**2-ڕێگــای (الفاکرونبــاخ):**بەمەبەســتی دەستنیشــانکردنی جێگیــری دوای شــیکردنەوەی داتاکــان لــە ڕێگــای بــەکارهێنانی هاوکێشــەی (الفاکرونبــاخ)دەرکــەوت کــە بــەهای جێگیــری بــۆ هــەر ڕەهەنــدێك لــە ڕەهەنــدەکانی پێوانەکــە پەســندە، هــەروەك لەخشــتەی ژمــارە (4-12)دا ڕوونکراوەتــەوە، ســەرچاوە ئامارییــەکان ئامــاژە دەکــەن ئەگــەر بــەهای (الفاکرونبــاخ) لە(0،6)بەرزتر بێت ئەوە پەسند دەکرێت و پشتی پێ دەبەسترێ (البیاتی،2004،ل50).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**خشتەی ژمارە(4-6): ناووژمارەی ڕەهەندوبڕگەکان و (هاوکۆلکەی الفاکرونباخ)**

| ڕەهەندەکان | ژمارەی بڕگەکان | هاوکۆلکەی الفاکرونباخ |
|---|---|---|
| یەکەم: دانانی پەرتوک | 21 | 0.882 |
| دووەم: شێوەی هونەری پەرتوک | 22 | 0.893 |
| سێیەم: ناوەڕۆکی پەرتوک | 25 | 0.937 |
| چوارەم:بنەمای پەروەردەیی ودەروونی | 24 | 0.941 |
| پێنجەم: شێوازەکانی هەڵسەنگاندن | 24 | 0.962 |
| کۆی گشتی | 116 | 0.923 |

لەخشتەی(4-6) ڕوون دەبێتەوە کە کۆی گشتی هاوکۆلکەی جێگیری بریتی یە لە(0،923)، ئەمەش بەڵگەیە کە ئامرازی ڕاپرسیەکەمان جێگیریەکی بەرزی هەیە، تویژەر دڵنیا دەکاتەوە لە دروستی فۆڕمەکەیی و دابەشکردنی بەسەر تەواوی نموونەی توێژینەوەکەیدا.

## بەشی پێنجەم:ئەنجامەکانی توێژینەوە

### 5-1 ئەنجامەکانی توێژینەوە و شیکردنەوەیان:

**5-1-1 وەڵامدانەوەی پرسیاری یەکەم: "گرنگترین پێوەرەکانی جۆریەتی چین،کە لە پەرتوکی کۆمەڵایەتی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی بوونی هەیە؟"**توێژەرتوانی لیستێکی پێوەرەکانی جۆریەتی ئامادەبکات، پاشان لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکان فۆڕمێکی ڕاپرسی پێوەرەکانی ئامادەکرد، فۆڕمەکە پێکدێت لە (116)بڕگە، دابەشی سەر پێنج ڕەهەند کراون.

**5-1-2 وەڵامدانەوەی پرسیاری دووەم: "ئەندازەی بوونی پێوەرەکانی جۆریەتی لەپەرتوکی کۆمەڵایەتی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایان لەشاری هەولێردا چەندە؟"** توێژەر هەموو ڕێکارە ئامارییەکانی تایبەت بە ڕاپرسییەکەیی و ڕەهەندەکانی ڕاپرسییەکەی جێبەجێکرد؛ هەروەك لەم خشتەیەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**خشتەی ژمارە(5-1): ناوەندە ژمێریی و لادانی پێوانەیی وکێشی ڕێژەیی وپلەبەندی بۆهەر ڕەهەندێك لە ڕەهەندەکانی فۆرمی ڕاپرسی**

| ز | ڕەهەندەکان | ژمارەی برگەکان | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | کیشی ڕێژەیی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| -1 | یەکەم:دانانی پەرتوك | 21 | 2.8854 | 0.61774 | %57.70 | 4 |
| -2 | دووەم:شێوەی هونەری پەرتوك | 22 | 3.0387 | 0.65936 | %60.76 | 2 |
| -3 | سێیەم:ناوەرۆکی پەرتوك | 25 | 3.0725 | 0.71505 | %61.45 | 1 |
| -4 | چوارەمبنەمای پەروەردەیی ودەروونی | 24 | 2.8202 | 0.71238 | %56.40 | 5 |
| -5 | پێنجەم:شێوازی هەڵسەنگاندن | 24 | 2.9295 | 0.68758 | %58.59 | 3 |
| | کۆی گشتی | 116 | 2.94926 | 0.67842 | %58.98 | |

لە خشتەی ژمارە(5-1)دا ڕەهەندی سێیەم بەپلەی یەکەم دێت بەکێشی ڕێژەی (61.45%)، هەروەها ڕەهەندی چوارەم بە پلەی پێنجەم دێت بەکێشی ڕێژەیی (56.40%).

لەم خشتەیەدا تویژەر وای دەبینی، کەڕێژەی بوونی پێوەرەکان لەئاستێکی نزمدایە، پرۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردە بۆ پەرتوکی کۆمەڵایەتی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی هەژارە لەڕووی بوونی پێوەرەکان، بۆهەر ڕەهەندێك لە ڕەهەندەکانی فۆرمی ڕاپرسی و برگەکان ئەنجامەکان بەم شێوەیە دەرهاتووە:

**خشتەی ژمارە(5-2): ناوەندە ژمێرییەکان و لادانەپێوەرییەکان وکێشی ڕێژەیی بۆڕەهەندەکانی فۆرمی ڕاپرسی**

| ڕەهەندەکان | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | کیشی ڕێژەیی |
|---|---|---|---|
| یەکەم دانانی پەرتوك | 2.88 | 1.050 | %57.80 |
| دووەم شێوەی هونەری پەرتوك | 3.038 | 1.175 | %59.12 |
| سێیەم:ناوەرۆکی پەرتوك | 3.073 | 1.092 | %62.26 |
| چوارەم:بنەمای پەروەردەیی ودەروونی | 2.82 | 1.089 | %56.4 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | |
|---|---|---|---|
| پێنجەم: شێوازی هەڵسەنگاندن | 2.93 | 1.107 | %58.6 |

بەپێ ی خشتەی ژمارە(5-2)دادەردەکەوێ کەبەرزترین کێشی سەدی ڕەهەندی سێیەمە کەبریتیە لە(%63.26)بەناوەندەژمێرەیی(3.07)ولادانی پێوانەیی(1.09)،هەروەها نزمترین کێشی ڕێژەیی بریتییە لە ڕەهەندی چوارەم کەکێشی سەدیەکەی بریتییە لە(%56.4)وبەناوەندە ژمێرەیی(2.82)ولادانی پێوانەیی (1.089).

### 3-1-5 وەڵامی گریمانەکانی توێژینەوە:

**1-3-1-5وەڵامی گریمانەی یەکەم: جیاوازییەکی بەهاداری ئاماری نییە لەئاستی بەڵگەداری(0،05)ی ڕێپێدراو، لە ئاستی جۆریەتی پەرتوکی کۆمەڵایەتی پۆلی نۆیەمی بنەرەتی لە ڕوانگەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایان لەپارێزگای هەولێردا، لەڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بۆ(گۆڕاوی ڕەگەز)، بۆ پشکنینی ئەم گریمانەیەش، توێژەر تاقیکردنەوەی تائی(T.test)ی بەکارهێناوە .**

**خشتەی ژمارە (5-3): دووبارەبووەکان و ناوەندە ژمێرەییەکان ولادانەپێوەرییەکان وبەهای(ت)لەڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بۆ(گۆڕاوی ڕەگەز)**

| ڕەهەندەکان | ڕەگەز | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | نرخی ت | نرخی ئەگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم:دانانی پەرتوك | نێر | 10 | 3.21 | 0.723 | 1.302 | 0.209 |
| | مێ | 10 | 2.83 | 0.576 | | |
| دووەم :شێوەی هونەری پەرتوك | نێر | 10 | 3.25 | 0.705 | 0.627 | 0.538 |
| | مێ | 10 | 3.07 | 0.584 | | |
| سێیەم:ناوەرۆکی پەرتوك | نێر | 10 | 3.13 | 0.697 | .0928 | 0.365 |
| | مێ | 10 | 2.88 | 0.475 | | |
| چوارەم:بنەمای پەروەردەیی و دەروونی | نێر | 10 | 3.10 | 0.811 | 0.901 | 0.379 |
| | مێ | 10 | 2.81 | 0.574 | | |
| | نێر | 10 | 3.17 | 0.781 | 1.175 | 0.255 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پێنجەم:شێوازی هەڵسەنگاندن | مێ | 10 | 2.82 | 0.565 | | |
| کۆنمرە | نێر | 10 | 368.40 | 79.60 | 1.104 | 0.284 |
| | مێ | 10 | 334.80 | 54.07 | | |

لەخشتەی ژمارە(5-3)دا دەردەکەوێ، نمرەی گشتی نرخی(ت) بریتییە لە(1.104 ) بەنرخی ئەگەری (0.284)، کە ئەم نرخەش گەورەترە لەنرخی (ئەگەری SIG)ی(0.05)ی ڕێپێدراو، بەهاداری ئاماری نییە، وەڵامی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بۆکۆی پرسیارەکان لەسەربنەمای (ڕەگەز)، جیاوازی بەدی ناکرێ؛.

**5-1-3-2وەڵامی گریمانەی دووەم: جیاوازییەکی بەهاداری ئاماری نییە لە ئاستی بەڵگەداری(0،05)ی ڕێپێدراو، لە ئاستی جۆریەتی پەرتوکی کۆمەڵایەتی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە ڕوانگەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایان لە شاری هەولێردا بۆ(گۆڕاوی ڕەگەز).**

**خشتەی ژمارە(5-4): دووبارەبووەکان و ناوەندەژمێرەییەکان ولادانەپێوەرییەکان وبەهای(ت)لە ڕوانگەی سەرپەرشتیاران ومامۆستایان بۆ(گۆڕاوی ڕەگەز)**

| ڕەهەندەکان | ڕەگەز | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | نرخی ت | نرخی ئەگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم:داناني پەرتوك | نێر | 92 | 2.8514 | .0577 | -.0648 | .0518 |
| | مێ | 178 | 2.9029 | .0639 | | |
| دووەم:شێوەی هونەری پەرتوك | نێر | 92 | 3.0104 | .0635 | -.0507 | 0.612 |
| | مێ | 178 | 3.0534 | .0673 | | |
| سێیەم:ناوەرۆکی پەرتوك | نێر | 92 | 3.0213 | .0683 | -.0845 | 0.399 |
| | مێ | 178 | 3.0990 | .0731 | | |
| چوارەم:بنەمای پەروەردەیی و دەروونی | نێر | 92 | 2.7912 | .0632 | -0.792 | 0.429 |
| | مێ | 178 | 2.8352 | .0714 | | |
| | نێر | 92 | 2.8904 | .0666 | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پێنجەم:شێوازی هەڵسەنگاندن | مێ | 178 | 2.9497 | .0700 | -.0671 | 0.503 |
| کۆنمرە | نێر | 92 | 337.96 | 0.69585 | -0.731 | 0.466 |
| | مێ | 178 | 344.42 | 0.74299 | | |

لەخشتەی ژمارە (5-4)دا دەردەکەوێ، کۆنمرەی گشتی نرخی(ت)بریتییە لە(0.731-)بە نرخی ئەگەری (0.466)،ئەم نرخەش گەورەترە لە(نرخی ئەگەریSIG)ی (0.05)ڕێپێدراو، بەهاداری ئاماری نی یە، وەڵامی مامۆستایان وسەرپەرشتیاران بۆکۆی پرسیارەکانی ڕەهەندەکان لەسەربنەمای (ڕەگەز) جیاوازی تیایدا بەدی ناکرێ و وەکو یەکە.

**5-1-3-3وەڵامی گریمانەی سێیەم: جیاوازییەکی بەهاداری ئاماری نی یە لە ئاستی بەڵگەداری(0،05)ی ڕێپێدراو، لە ئاستی جۆریەتی پەرتوکی کۆمەڵایەتی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە روانگەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایان لە پارێزگای هەولێردا، بۆگۆڕاوی جۆری کارکردن (دامەزراوو،وانەبێژ).**

**خشتەی ژمارە (5-5): دووبارەبووەکان و ناوەندە ژمێرییەکان ولادانەپێوەرییەکان وبەهای(ت)بۆگۆڕاوی جۆری کارکردن (دامەزراو،وانەبێژ)**

| ڕەهەندەکان | ڕەگەز | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | نرخی ت | نرخی ئەگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم:دانانی پەرتوك | دامەزراو | 261 | 2.89 | .0619 | 1.238 | 0.217 |
| | وانەبێژ | 9 | 2.63 | 0.556 | | |
| دووەم:شێوەی هونەری پەرتوك | دامەزراو | 261 | 3.06 | .0651 | 2.736 | 0.07 |
| | وانەبێژ | 9 | 2.45 | .0668 | | |
| سێیەم:ناوەرۆکی پەرتوك | دامەزراو | 261 | 3. 10 | .0707 | 3.128 | 0.02 |
| | وانەبێژ | 9 | 2.35 | .0566 | | |
| چوارەم:بنەمای پەروەردەیی و دەروونی | دامەزراو | 261 | 2.89 | 0.683 | 1.957 | 0.019 |
| | وانەبێژ | 9 | 2.35 | 0.596 | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پێنجەم:شێوازی هەڵسەنگاندن | دامەزراو | 261 | 2.95 | .674 | 2.350 | 0.011 |
| | وانەبێژ | 9 | 2.36 | .872 | | |
| کۆنمرە | دامەزراو | 261 | 344.31 | 68.00 | 2.728 | 0.007 |
| | وانەبێژ | 9 | 281.44 | 66.99 | | |

لەخشتەی ژمارە (5-5) کۆنمرەی گشتی نرخی (ت) بریتی یە لە(2.728) بەنرخی ئەگەری (0.007)کە ئەم نرخەش بچوکترە لە (نرخی ئەگەریSIG)ی (0.05)ی ڕێپێدراو، بۆیە (گریمانەی جێگرەوە) وەردەگرین، (گریمانەی سفری) ڕەتدەکەینەوە، بەهاداری ئامارییە، کەواتە وەڵامی مامۆستایانی (دامەزراو، وانەبێژ) بۆکۆی ڕەهەندەکانی فۆڕمی ڕاپرسییەکە جیاوازی تیادا بەدی دەکرێ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆجیاوازیی تێگەیشتن وشارەزایی ورۆشەنبیری نیوانییان.

### 2-5دەرئەنجامەکانی توێژینەوە:

**1**-بەدیهێنانی لیستێکی پێوەری نوێ سەبارەت بە جۆریەتی و هەڵسەنگاندنی پەرتوکی کۆمەڵایەتی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی.

2-لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا،ڕوونبۆوە کەوا جۆریەتی پەرتوکی کۆمەڵایەتی پۆلی نۆیەم،لە ئاستێکی بەرزدا نییەو ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر پرۆسەی خوێندن و فێرخوازان دروستدەکات.

### 3-5پێشنیازەکانی توێژینەوە:

1-دووبارەپێداچوونەوەو چاوپێداخشاندنەوە بە پەرتوکی کۆمەڵایەتی پۆلی نۆیەم، لەپێناو گەشەکردنی خاڵە بەهێزەکان و نەهێشتنی ئەو خاڵە لاوازانەی توێژینەوەکە دەریخستوون.

2-پێویستە دانەرانی پرۆگرامی کۆمەلایەتی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، ئامانجە تایبەتی وگشتییەکانی پەرتوکەکە بەشێوازێکی دیارو ڕوون دابرێژن.

## 4-5ڕاسپاردەکانی توێژینەوە:

1-پێویســـتە وەزارەتـــی پـــەروەردە، لـــەرێگای (بەڕیوەبەرایـــەتی پرۆگـــرام وچاپەمەنییـــەکان) بیرۆکـــەی دارشـــتنی پلانـــی درێژخایـــەنی هـــەبێت، بۆئەنجامـــدانی گۆڕانکـــاری لـــە پـــەرتووکی کۆمەڵایەتی پۆلی نۆیەمدا.

2- لەبەر ڕۆشـــنایی ئاســـتەکانی جۆریەتیـــدا، تـــوێژینەوەی زیـــاتر ســـەبارەت بەگەشـــەپێدان و پێشخستنی پەرتوکی کۆمەڵایەتی پۆلی نۆیەم ئەنجامبدرێ.

## 5-5 لیستی سەرچاوەکان:

1-چوارچێوەی گشتی پرۆگرامەکانی خوێندنی عێراق(2012).

2 -حبیب،بەدران أحمد(2002). فەرهەنگی زاراوە-زاراوەگەلی راگەیاندن و کارگێری و قوتابخانەیی عەرەبی– کوردی، هەولێر: چاپی یەکەم، چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان.

3-حســـن،کوردســـتان محمد ئازاد(2019)زانینی رۆڵی ســـەرپەرشـــتیاری پەروەردەیی لەپەرەپێدانی توانا فێرکارییەکانی مامۆستایانی بنەڕەتی لەناوشاری سلێمانی، گۆڤاری توێژەر، بەرگی دووەم، ژمارە یەك، زانکۆی سلێمانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ل(222-270).

4-رێبەری مامۆســـتاوبەڕێوەبەرو ســـەرپەرشـــتیار تایبەت بە پەیرەوکردنی ســـتاندارەکانی مامۆســـتایان و بەرێوەبەران و قوتابخانەکان(2013). چاپی یەکەم،ب.گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان.

5-عارف،کارزان مەعروف، ئازاد،کوردســـتان محمد(2018). هەڵســـەنگاندنی پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بۆپۆلی نۆی بنەڕەتی لە دیدی مامۆســـتایانەوە، گۆڤاری توێژەر، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ســـلێمانی/زانکۆی سلێمانی،بەرگی(1)،ژمارە(2)،توێژینەوەکە بڵاوکراوەتەوە،(ل283-340).

6-محمد، کاوەعلی(2012). هەڵســـەنگاندنی پەرتوکەکانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەقۆناغی بنەڕەتی لە روانگەی مامۆستایانەوە،گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژمارە(34)، زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی پەروەردە، سکوڵی زانستە پەروەردەییەکان،توێژینەوەکە بڵاوکراوەتەوە، (ل113-140).

7 -موکریانی،هـــەژار(1369). فەرهـــەنگی کـــردی– فارســـی،یەکەم جلـــدی،چاپ1، چاپخانـــەپویا چـــاپ و درصحافی مراد صحافی شد، سروش طهران.

8 -ئێرتوغرۆڵ،خالید(2017). ڕێبەری مامۆستا بەرەو سەرکەوتن، (وەرگێڕانی دۆستی عوسمان صدیق)، چاپی یەکەم سلێمانی:بڵاوکەرەوەی ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا.

9-أبوحويج،مروان(2000).المناهج التربوية المعاصرة(مفاهيمها –عناصرها –اسسها وعملياتها)،ألأصدار الاول،عمان –الأردن:الدار العلمية الدولية ودار الثقافة للنشر والتوزيع.

10 -أبوعنزة،يوسف عوض عبدالرحمن (2009).دراسه تقويميه لكتاب اللغة العربية للصف الثانى عشر فى محافظات غزة من وجهة نظر المعلمين فى ضوء معاييرالجودة،رسالة ماجستيرغيرمنشورة،كلية التربية،الجامعة الاسلامية.

11-أحمد،أحمد(2003).ألجودة الشاملة فى لأدارة التعليمية والمدرسية،ط1،مصر: دار الوفاء للطباعة والنشر.

12-أحمد،حافظ (2007).ألجودة الشاملة فى المؤسسات ألتربوية،ط1، القاهرة: عالم الكتب للنشر والتوزيع.

13-ألأنصارى،محمد ومصطفى،احمد(2002).برنامج ادارة الجودة الشاملة وتطبيقاتها فى التربوى،المركز العربى للتدريب التربوى لدول الخليج، قطر:(23-26)يونيو.

14-ألبياتى،محمودمهدى(2004).تحليل البيانات الاحصائية باستخدامspss، عمان:دارالحامد للنشروالتوزيع.

15-ألترتورى،محمدوجويحان،أغادير(2006).اداره الجودة الشاملة فى المؤسسات التعليم العالى والمكتبات ومراكز المعلومات،ط1، عمان -الاردن: دارالمسيرة للنشر والتوزيع.

16-ألحللى،عبدالرحمن(2017).ألمدخل ألى منهجية البحث وفن الكتابة، بيروت- لبنان: طبعة الأولى.

17-ألزوينى،ألأبتسام وأخرون(2013).ألمناهج وتحليل الكتاب،الطبعةالأولى،عمان:دارالصفاء للنشر والتوزيع.

18-ألعاجز،فؤاد ونشوان،جميل(2007).معوقات تطبيق ألجودة فى مدارس وكالة الغوث الدولية بغزة،المؤتمر التربوى الثالث ،الجودة فى التعليم الفلسطينى –مدخل التمييز-الجامعة الأسلامية ،(30-31 اكتوبر).

19-ألغول،صابرين أديب يونس (2010).مستوى جودة كتاب التاريخ المقرر على الصف التاسع الأساسى من وجهة نظر مشرفى ومعلمى التاريخ فى محافظات غزة،أطروحة ماجستير،الجامعة الاسلامية الغزة،كلية التربية قسم المناهج وطرق التدريس.

20-ألفرا ،فاروق وآخرون(1997).ألمنهاج التربوى المعاصر، ألطبعه الثانية غزه:ألجامعة الأسلامية.

21-أللقائى،أحمد حسين(1995).تطوير مناهج التعليم، القاهرة: ناشر عالم الكتب.

22-ألنجار ،فريد(1999).ادارة الجامعات بجودةالشاملة،القاهرة:أميرال للنشر والتوزيع .

23-ألهندى،صالح(1999).دراسات فى المناهج ولأساليب العامة،مطبعة دارالفكر.

24-ألورثان،عـدنان بـن محمـد بـن راشـد(1427).مـدى تقبـل المعلمـين لمعـاير الجـوده الشـاملة فـى التعليم-دراسه ميدانيه بماحفظه الاحساء، جامعة الملك سعود،كليه التربية،رسالة ماجستير.

25-حاجى،سـتار جبـار(2018).مسـتوى جـودة كتـاب التـاريخ للصـف الحـادى عشـر الاْعـدادى فـى اقلـيم كردسـتان العـراق فـى ضـوء المعـايير المعاصـرة وتطـوير فصـل مقتـرح وفـق تلـك المعايير،مجلـة قـەڵاى زانست العلمية،المجلد(3) العدد(4)،جامعةاللبنانية الفرنسية –أربيل،كوردستان:ص(478-525).

26-رضـــــــــوان،ابو الفتـــــــــوح واخـــــــــرون (1962).ألكتـــــــــاب المدرســـــــــى فلسفته.تاريخه.أسسه.تقويمه.أستخدامه،مصر:دارالهنا للطباعة.

27-شاهين،نجوى عبدالرحيم (2006).أساسيات وتطبيقات علم المناهج،مصر:ط1،دارالقاهرة.

28-صــالح،رحيم علــى وداخل،سـماء تركـى(2018).ألمنهـاج والكتــاب المدرســى،ط1، بغـداد: مكتــب نورالحسن للطباعة والتنضيد.

29-صبرى،اسـماعيل مهـر(2009،مـارس).مفـاهيم مفتاحيـة فـى المنـاهج وطـرق التدريس،ألمجلـة دراسات عربيه فى التربية وعلم النفس،المجلد( الثالث)،العدد(الثانى).

30-عيشور،ناديةسـعيد،واخرون(2017).منهجيـة البحـث العلمـى، جزائـر: الناشـر مؤسسـة حسـين رأس الجبل للنشر والتوزيع.

31-قرنى،زبيـــدة محمـــد(2016).تخطـــيط المنـــاهج الدراســـيةوتطويرها.المكتبة العصـــرية للنشـــر والتوزيع.

32-مرعــى ،توفيــق أحمــد والحيلــة ،محمــد محمــود(2004).ألمنــاهج التربويــة الحديثــة –مفاهيمهــا وعناصرها وأسسها وعملياتها ، ط4 ، عمان– ألأردن: دار المسيرة للنشر والتوزيع .

33-منصــور،نعمة(2005)منــاهج واســاليب الدراســات الاجتماعيــة،ط2،اربــد –الاردن:دار الكنــدى للنشــر والتوزيع.

34-يــونس،فتحى وآخـــرون(1425ه).ألمنـــاهج(أســـس–ألمكونـــات –ألتنظيمـــات-ألـــطوير) عمـــان– ألاردن:دارالفكر.

35-عبدالباسط،حســـين محمدأحمـــد(2020).أهميةالتـــدريس الدراســـات الاجتماعيةوالأهـــداف العامةللتـــدريس الجغرافياوالأهـــداف العامـــة للتـــدريس(فيـــديو) التـــاريخ،طرق تـــدريس الادراســـات الأجتماعية،4كلية التربية قنا،جامعة جنوب الوادى،

https://www.youtube.com/watch?v=W4uwXTgjCcمصر،2020-11-4،
36-پێناسەی هەولێر،2022سایتی پارێزگای هەولێرhttps://www.hawlergov.org/app/geography

# The Quality Level of The Sociology Book from The Point of View of Supervisors and Teachers

**Fahmi Yusif M. Ameen**
Department of Social Sciences, College of basic Education, Salahaddin University, Erbil City, Kurdistan Region, Iraq
nabazsheqani@gmail.com

**Asst. Prof. Dr. Hamed Abdulla Salih**
Department of Social Sciences, College of basic Education, Salahaddin University, Erbil City, Kurdistan Region, Iraq
hamed.salih@su.edu.krd

**Dr. Adalan Latef Abdulqadr**
Department of Social Sciences, College of basic Education, Salahaddin University, Erbil City, Kurdistan Region, Iraq.
ardalan.abdulqader@su.edu.krd

***Keywords:*** *Quality, Community, Program, Supervisors. Teacher.*

## Abstract

This study aimed to determine the level of social quality of the book from the point of view of supervisors and teachers for the year (2021-2022).

Our research community is (1018) teachers of both sexes in the Center of Arbil Province; (25%)of the research sample consists of (270)teachers of both sexes;The number of basic education supervisors wa(80), (25%), supervisors of our sample consisted of (20) supervisors, To achieve the objectives of the research, the researcher used the descriptive method in this study.

The final research tools consisted of (116) criteria, divided into five fields, And it was applied to the research sample (supervisors and teachers) after analyzing the questionnaire, using statistical equations, we presented the results of the research, it

was found that the quality level of the ninth grade textbook is weak from the point of view of supervisors and teachers in the city of Erbil.

**الملخص:**

هدفت هذه الدراسة إلى تحديد مستوى جودة الكتاب الاجتماعية من وجهة نظر المشرفين والمعلمين للسنة الدراسية(2021-2022).مجتمع البحث لدينا هو(1018) معلمون ومعلمات الأجتماعيات من كلا الجنسين في مركز محافظه اربيل؛ 25٪ من عينة البحث تتكون من(270) معلما ومعلمة من كلا الجنسين؛ وبلغ عدد مشرفي التعليم الأساسى(80) مشرفا، (25٪) من عينتنا تكونت من (20) مشرفا ومشرفة، ولتحقيق أهداف البحث استخدمت الباحث المنهج الوصفي في هذه الدراسة.تكونت أدوات البحث النهائية (116) معيارا، موزعة على خمسة مجالات، وتم تطبيقها على عينة البحث(المشرفين والمعلمين) بعد تحليل الأستبانة، باستخدام المعادلات الإحصائية ، عرضنا نتائج البحث، قد تبين أن مستوى جودة كتاب الصف التاسع الأساس ضعيف من وجهة نظر المشرفين والمعلمين في مدينة أربيل.